# ئەو، وەک پەرداخێک شەرابی ڕژاو

بەرزان هەستیار
(ئەڵمانیا)



بە سەما، شیعر ئەنووسێ..
ئەو ژنە سەر بە تەم و بارانە
—
بە خەمێکی ڕەنگاوڕەنگی ئاودامانەوە
وەک کۆترێکی سەربڕاو..
باڵ لە سەمای خۆی وەرئەدات
—
بەسەر تیغی برینێکی ڕەشپۆشەوە
قژی داوەتە دەست شێتیی و
کەمەری، دەست شەیدایی و
قاچەکانی، وان بە دەست سەمای ڕەنگزەردی..
نێو باخە گریاوەکانی ڕۆحی خۆیەوە
—
بە فرمێسک گۆرانی ئەچنێ..
لەسەر مافووری چاوەڕوانییەکی تەڵخ و درێژ
—
لە پێخەفی ئەرخەواندا و
بە دەم خەوێکی وەنەوشەییەوە
بە هەرلادا ڕوو وەرگێڕێت..
ئەکەوێتە نێو ئاوەدانییەکی تاریکەوە
نێو وێرانەی سەوداسەرییەکی تاک و تەنیاوە
—
ئەم هەموو وردبوونە..
چی کۆیان ئەکاتەوە،
هەر پارچەی لەتبوونی ژنێکە و
پەی دەر پەی ئەچێت بە گلێنەما ؟
—
ئەڵێی ترێ ڕەشکەیە..

شادییەکانی ئەو،
لەبەر خۆری دڵڕەقی نامورادیدا.
یان پاسەوانێکی سووورداگەڕاوی،
بەر قاپیی ڕەقەڵەی دۆزەخ

—

دەنک.. دەنک خەناوکەی بیرەوەرییەکانی..
بە گەردنی باریکەلەی خەیاڵێکەوە ئەهۆنێتەوە
لەگەڵ چاوداگرتنی هەر مووروویەکدا..
ئەداتە قوڵپی تەنیایی

—

لەرزینی شۆڕەبی ماچێک، بە کەناری ترساوی
لێویەوە
زەردهەڵگەڕانی سنەوبەری چاوەڕوانییەکی
سەرسپی ،
ئەژنۆشلبوونی گوڵوەنەوشەی نائومێدییەکی
لارەمل و
درەوشانەوەی مانگێکی غەمگین.. لە گۆمی
غەمناکی گلێنەکانیا

—

بەر لەسەفەر، ئەوەی ئەیپێچێتەوە..
نە جانتای پڕ لە فستان و موکیاژ و عەترە
نە پێڵاوی پاژنەباریک،
تەنیا و تەنیا چرای ژەنگگرتووی...
کەونە برینێکی شکاو لەگەڵ خۆی ئەبات
تا لەسەر لمی کەنارێک ..
بە تەنیشت فرمێسکەکانییەوە دایگیرسێنێ و
بە دیارییەوە دڵۆپ .. دڵۆپ خوێنی تاریکی خۆی
بخوێنێتەوە

—

دواجار بە دەم ئاوڕێکی لاوازی چاوتەڕەوە وتی،
هەرچیم وت ، تۆ ، فڕێیدەرە ئەودیو تەیمانی
ڕۆحتەوە
ژیان تەنها نمە و نێڵەی ئەو ڕێکەوتە سەیرانەیە
یان ئەتکاتە دارچوالەیەکی ڕووخۆشی باخی
بەهەشت..

**بەهاری ٢٠٢٦**